DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi2.69
گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

# ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان لە بەشدارییپێکردنی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکان دا

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە بۆ راگەیاندنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان

سەلمە فاتیح تۆفیق _ خوێندکاری ماستەر
moc.liamg@08hitafamlaS

پ.ی.د نەزاکەت حسێن
Nazakat_72@yahoo.com

بەشی ڕاگەیاندن _ کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان _ زانکۆی سلێمانی/ هەرێمی کوردستان _ عێراق

**پوختە**

ئـەم توێژینەوەیـە بەناونیشـانی (ڕۆڵـی ڕاگەیاندنـی پەرلەمانـی کوردسـتان لـە بەشـداری پێکردنـی کەناڵـە تەلەفزیۆنییـەکان لـە ناسـاندنی یاسـا و بڕیارەکانـدا) توێژینەوەیەکـی وەصفـی ڕوپێوییـە، بـۆ خولی پایـزەی سـاڵی ٢٠٢١ی خولـی پێنجەمـی پەرلەمانـی کوردسـتان،کەهەوڵێکە بـۆ زانینـی ئاسـتی پەیوەنـدی و هەماهەنگـی نێـوان ڕاگەیاندنـی پەرلەمانـی کوردسـتان و کەناڵـە تەلەفزیۆنییـەکان، بـە ئامانجـی هەوڵـدان بـۆ ناسـاندنی یاسـا و بڕیارەکانـی پەرلەمـان بـە جەمـاوەر، لەبـەر ئـەوەی پەرلەمـان گەورەتریـن دامـەزراوەی سیاسـی و یاسـایی هـەر وڵاتێکە، سـەرچاوەی سـەرەکی یاسـاکانە بـۆ دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن و دادوەریـی و بێگومـان سـەرجەم یاسـاکان بـۆ بەرژەوەنـدی خەڵکـە ،بۆیـە خەڵـک مافی تەواوەتـی خۆیەتـی ئاگاداری ئـەو یاسـایانە بێـت ،کـە لەبارەی ژیـان و گوزەرانیانـەوە دەردەچێت، ئەرکی پەرلەمانی کوردسـتانە بتوانێت یاسـاکانی بـە خەڵـک بناسـێنێت ئینجا ئەگـەر خـۆی ڕاگەیاندنێکـی بەهێـزی هەبێـت یـان بتوانێـت سـوود لـە هۆکارەکانـی ڕاگەیاندنـی تـر وەربگرێـت، ئامانـج لـەم توێژینەوەیـە زانینـی ئاسـتی پەیوەنـدی نێـوان پەرلەمانـی کوردسـتان وکەناڵـە تەلەفزیۆنیەکانـە ،هەروەهـا دەرخسـتنی ئاسـتی هەماهەنگـی بەڕێوبەرایەتـی ڕاگەیاندنـی پەرلەمانـی کوردسـتان بۆبەبازاڕکـردن وناسـاندنی یاسـا و بڕیارەکانـی پەرلەمـان لەڕێگـەی کەناڵەتەلەفزیۆنیەکانەوە،بـۆ لایەنـی مەیدانـی توێـژەر پشـتی بـە ڕێبـازی ڕووپێـوی بەسـتوە لەڕێگـەی پیادەکردنـی ئامـرازی (فۆرمـی ڕاپرسی)ەوە،سـامپڵی توێژینەوەکـەی ئەندامانـی خولـی پێنجەمـی پەرلەمانی کوردسـتانە،توێژینەوەکە گەیشـتە ئـەوەی کـە ڕاگەیاندنـی پەرلەمانـی کوردسـتان لـە ئاسـتی پێویسـتدا نیـن بـۆ ناسـاندنی یاسـا و بڕیارەکانـی پەرلەمـان ، کەمجـار هەوڵـی ناسـاندن و بەبازاڕکردنـی یاسـا و بڕیارەکانـی پەرلەمانـی داوە ،سـودی لـە کەناڵەتەلەفزیۆنیەکانیـش وەرنەگرتـوە بـۆ ئـەم مەبەسـتە و، هەبوونـی ململانـێ سیاسـییەکانیش ڕێگرییـان کـردووە لـە پەرلەمانتـاران بـۆ دەستخسـتنی زانیـاری لەسـەر پـرۆژە و پێشـنیازە یاسـاکان هەروەهـا ڕێگریـش بـووە لـە گەیشـتن و ناسینی یاسـاکان بـە خەڵـک، سـەرەڕای ئەمانـەش، ڕاگەیاندنـی پەرلەمانـی کوردسـتان وەک پێویسـت نەیتوانیـوە بێلایـەن و هاوسـەنگی خـۆی بپارێزێـت لەگـەڵ پەرلەمانتـاران.

کلیلی وشەکان : ڕاگەیاندن، ڕاگەیاندنی پەرلەمانی، بەبازارکردنی سیاسی، یاسا ،بڕیار.



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268-

## پێشەکیی:

ڕاگەیانـدن وەک زانسـتێک لـە دونیـادا بایەخـی زۆری پێدەدرێـت و لـە هەمـوو بوارەکانـی ژیـان بەکاردەهێنرێـت بـە مەبەسـتی درروسـتکردنی کاریگەریـی لەسـەر جەمـاوەر، بەتایبەتـی کەناڵەکانـی تەلەفزیـۆن کـە کاریگەری ڕاسـتەوخۆی لەسـەر بیـر و ڕەفتـاری تاکـەکان هەیـە، حیـزب و لایەنـە سیاسـییەکان تەلەفزیـۆن وەک هۆکارێکـی گرنـگ و کاریگـەری بەکاردەهێنـن بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانیـان، حیـزب و پارتـە سیاسـییەکان هێـز و توانـا و پێگەیـان بـە بەدەسـتهێنانی زۆرتریـن کورسـی پەرلەمانـی دیاریدەکرێـت، چونکـە پەرلەمـان گەورەتریـن و باڵاتریـن دامـەزراوەی سیاسـیی و یاسـایی هـەر وڵاتێکـە ،کـە دەرکـردن و پەسـەندکردنی یاسـا و بڕیارەکانـی تێـدا دەردەچێـت، بۆیـە لـەم توێژینەوەیـەدا بـاس لـە ڕۆڵـی ڕاگەیاندنـی پەرلەمانـی کوردسـتان دەکەیـن لـە بەشـدارپێکردنی کەناڵەکانـی تەلەفزیـۆن و کەناڵەکانـی میدیـا لە ناسـاندنی پـرۆژە و پێشـنیازە یاسـاکان، ئـەم توێژینەوەیـە کێشـەی سـەرەکیی لێکۆڵینەوەیـە لـە هەبوونـی هەمئاهەنگیی لەنێـوان ڕاگەیاندنـی پەرلەمـان و کەناڵەکانـی تەلەفزیـۆن بـە ئامانجـی ناسـاندن و بەبازاڕکردنـی یاسـا و بڕیارەکانـی پەرلەمـان/ لـەم ڕوانگەیەشـەوە کۆمەڵێـک پرسـیار دەخاتـەڕوو لەوانـە: ئایـا ڕاگەیاندنـی پەرلەمانـی کوردسـتان بـووە بـە پردێکـی پەیوەندیـی لەنێـوان پەرلەمـان و پەرلەمانتـاران و کەناڵەکانـی تەلەفزیـۆن بـە ئامانجـی ناسـاندنی یاسـا و بڕیـارەکان؟ ئەمـە جگـە لـەوەی ئایـا زانیینـی ئاسـتی ئـەو پێوەندییـە و دەرخسـتنی ڕۆڵـی میدیـا لـە بەبازاڕکردنـی سیاسـییدا هەتـا چەنـدە؟

ئـەم توێژینەوەیـە هەڵێنجـراوی توێژینەوەیەکـە، کـە پێشـکەش بـە بەشـی ڕاگەیاندنـی کۆلێـژی زانسـتە مرۆڤایەتیەکانـی زانکـۆی سـلێمانی کـراوە بـۆ بـە دەسـتهێنانی بڕوانامـەی ماسـتەر لـە بـواری ڕاگەیانـدن، توێژینەوەیەکی وەسـفییە پشـتی بـە میتـۆدی ڕووپێـوی بەسـتووە، لەڕێگـەی ئامـرازی (فۆڕمـی ڕاپرسـیی)ەوە خراوەتـەڕوو، کۆمەڵگـەی ئـەم توێژینەوەیـە پەرلەمانـی کوردسـتان و نموونەپشـکنینی (سـامپڵی) توێژینەوەکـەش ئەندامانی پەرلەمانی کوردسـتانی خولـی پێنجەمـە، ئـەم توێژینەوەیـە جگـە لـە میتۆدنامـە، لـە بەشـی تیۆرینامـەی توێژینەوەکـە بـاس لـە پەرلەمانـی کوردسـتان و ڕاگەیاندنـی پەرلەمـان و ئـەرك و ئامانجەکانـی کـراوە، هەروەهـا بـاس لەپرۆسـەی یاسـادانان و ڕۆڵـی میدیـا لـەم پرۆسـەیەدا خراوەتـەڕوو، هەروەهـا بـاس لـە چۆنێتیـی کارکردنـی ڕاگەیاندنـی پەرلەمانـی کوردسـتان کـراوە لـە هـەر پێنـج خولەکـەدا، لایەنـی مەیدانیـی توێژینەوەکـە، ئەنجامـی پراکتیکـی توێژینەوەکـە و، خسـتنەڕوو و شـیکردنەوەی زانیارییـەکان و دەرئەنجـام و پێشـنیار و ڕاسـپاردەکان لەخۆدەگرێـت.

## بەشی یەکەم : ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

١: کێشەی توێژینەوەکە:

دەزگاکانـی ڕاگەیانـدن و میدیـا بـوون بـە ئامرازێکـی گرنـگ بـۆ حیـزب لایەنـە سیاسـییەکان، کە لـەو ڕێگەیـەوە زۆرترین کاریگەریـی لەسـەر جەمـاوەر دروسـتدەکەن، بەتایبەتیـی کەناڵەکانـی تەلەفزیـۆن ئامرازێکـی باشـن بـۆ بەبازاڕکـردن و ناسـاندنی کاڵا و بیـر و هـزر و ئایدیـای حیـزب و لایەنـە سیاسـییەکان، تاچەنـد پەرلەمـان سـوودی لـە کەناڵەکانـی میدیـا وەرگرتـووە بـۆ ناسـاندنی یاسـا و بڕیارەکانـی، تاچەنـد هەمئاهەنگـی هەیـە لەنێـوان ڕاگەیاندنـی کوردسـتان و کەناڵـە تەلەفزیۆنییـە ئاسـمانییە کوردییـەکان، بـە ئامانجـی ناسـاندنی یاسـا و بڕیارەکانـی پەرلەمـان. لـەم ڕوانگەیـەوە ئـەم توێژیینەوەیـە ئـەم پرسـیارانە دەخاتـەڕوو:

پەرلەمانـی کوردسـتان، کـە باڵاتریـن دامـەزراوەی سیاسـی و یاسـاییە: هەتاچەنـد سـوودی لـە کەناڵەکانـی تەلەفزیـۆن

وەرگرتـووە بـۆ بەبازاڕکـردن و ناسـاندنی یاسـاکان و پڕۆژەکانـی؟
ڕاگەیاندنــی پەرلەمانــی کوردســتان هەتاچەنــد هەماهەنگیــی هەیــە لەگــەڵ کەناڵەکانــی تەلەفزیــۆن بــە ئامانجــی خســتنەڕووی کاری پەرلەمــان و ناســاندنی یاســا و بڕیارەکانــی؟

٢: گرنگیی توێژینەوەکە:

بۆ ئاستی زانستیی هەرێمی کوردستان:

توێژینەوەیەکـی زانسـتییە لـە بەشـی ڕاگەیاندنـی زانکـۆی سـلێمانی لەسـەر ڕۆڵـی میدیـا بـۆ بەبازاڕکردنـی سیاسـەت و،کاری توێژینــەوە لەســەر دامــەزراوەی پەرلەمــان دەکات وەک دەزگایەکــی بــاڵای سیاســی و یاســایی لــە پێوەنــدی نێــوان ڕاگەیاندنــی پەرلەمانــی کوردســتان و کەناڵەکانــی تەلەفیزیــۆن دەکۆڵێتــەوە.

بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن:

ئـەم توێژینەوەیـە هەوڵـدەدات ببێـت بـە نموونـە و ڕێنیشـاندەرێکی ئەکادیمیایـی، هەتـا دەزگاکانـی ڕاگەیانـدن لـە ڕێگەیـەوە بـە شـێوازێکی زانسـتیی مامەڵـە لەگـەڵ پەرلەمـان و ڕووماڵـی دانیشـتن و چالاکییەکانـی پەرلەمـان بـکات.

بۆ پەرلەمانی کوردستان:

ئـەم توێژینـەوە هەوڵـدەدات ببێـت بـە بنەمایەکـی زانسـتیی بەبایـەخ، هەتـا پەرلەمـان سـوودی لێببینێت لـە داهاتوودا، بۆئــەوەی زیاتــر کاری لەســەر بــکات و کەموکورتییەکانــی پڕبکاتــەوە و، پێوەندییەکانــی بەشــێوازێکی زانســتیی و ئەکادیمیایـی لەگـەڵ دەزگاکانـی ڕاگەیانـدن ڕێکبخاتـەوە.

٣: ئامانجی توێژینەوەکە:

زانینی ئاستی پێوەندیی نێوان ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن.
دەرخسـتنی ئاسـتی هەماهەنگیـی بەڕێوبەرایەتـی ڕاگەیاندنـی پەرلەمانـی کوردسـتان بـۆ بەبازاڕکـردن و ناسـاندنی یاسـا و بڕیـار وپڕۆژەکانـی پەرلەمـان لەڕێگـەی کەناڵەکانـی تەلەفزیۆنـەوە.

٤: جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئـەم توێژینەوەیـە لەجـۆری توێژینـەوەی وەسـفییە، کـە گونجـاوە لەگـەڵ شـێوازی توێژینەوەکـە، وەسـفی ڕاگەیاندنـی پەرلەمانــی کوردســتان دەکات لــە هەماهەنگیــی و بەشــدارییپێکردنی کەناڵەکانــی تەلەفزیــۆن لــە ناســاندنی یاســا و بڕیارەکانـدا. بەگوێـرەی لایەنـی مەیدانییشـەوە، توێـژەر پشـتی بـە ڕێبـازی ڕووپێویـی بەسـتووە لەڕێگـەی ئامـرازی (ڕووپێویـی، فۆرمـی ڕاپرسـیی)ەوە بەرجەسـتەکراوە.

٥: کۆمەڵی توێژینەوەکە:

کۆمەڵـی توێژینەوەکـە پەرلەمانـی کوردسـتانە، لەبەرئـەوەی توێژینەوەکـە گرنگییـدەدات بـە ڕاگەیاندنـی پەرلەمانـی کوردسـتان.

٦: نموونەپشکنینی(سامپڵ)ی توێژینەوەکە :

سـامپڵی توێژینەوەکـە (ئەندامانـی پەرلەمانـی کوردسـتان، خولـی پێنجـەم)ە، پەرلەمانـی کوردسـتان لـە ئێسـتادا خولـی پێنجەمدایـە، پەرلەمانتـار باشـترین سـامپڵە چونکـە خـۆی بەشـدارە لـە داڕشـتنی یاسـا و بڕیارەکانـدا، ئایکۆنێکـی گرنگـە بـۆ باسـکردن و ناسـاندنی یاسـاکان بـە جەمـاوەر.

٧: ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

بـۆ کۆکردنـەوەی زانیاریـی، توێـژەر پشتیبەسـتووە بـە تێبینیکـردن و فۆرمـی راپرسـیی، توێـژەر پێـوەری (لیـکارد)ی بـۆ (٥) بـژاردە بەکارهێـناوە، بەمەبەسـتی بەراوردکـردن لەگـەڵ دەرئەنجامـی ناوەنـدە ژمێرەییـەکان و بڕگەکانـی فۆرمـی راپرسـییەکە.

٨: ئاستی رواڵەتە درووستیی توێژینەوەکە:

بۆدیاریکردنـی رواڵەتـی درووسـتیی فۆرمـی راپرسـیەکە، پشتبەسـتراوە بـە پێنـج پسـپۆڕی بـواری میدیـا ( د. حکیـم عوسـمان ، د. سـامان جـەلال ،د. کاروان محمـد، د. فوئـاد علـی، د. ئیبراهیـم سـەعید) دوای هەڵسـەنگاندنی فۆرمەکـە دەرکـەوت ،کـە رێـژەی سـەدیی رواڵەتـە درووسـتیی بریتییـە لـە (٩١،٢٪)، کـە ئەمـەش رێژەیەکـی بـەرزی راسـتەقینەی راسـتییە بـۆ کۆکردنـەوەی داتـا و زانیاریـی لەسـەر سـامپڵی توێژینەوەکـە.

٩: ئاستی جێگیریی توێژینەوەکە:

توێـــژەر تاقیکردنـــەوەی (ئەلفـا کرونبـاخ)ی بەکارهێنـاوە بـــۆ مەبەسـتی تاقیکردنـــەوەی بڕگەکانـــی نـاو تـــەوەرەی راپرسـییەکە، لـە ئەنجامـدا دەرکـەوت بـۆ (٢١) بڕگـەی نـاو فۆرمەکـە رێـژەی (ئەلفـا کرونبـاخ)، (٠،٩٢٧)، کـە ئـەم رێژەیــەش بــە رێژەیەکــی پەســەندکراو دادەنرێــت.

١٠: سنووری توێژینەوەکە:

سنووری شوێن: هەرێمی کوردستانی وەك سنوری شوێنی توێژینەوەکە دیاریکراوە.

سـنووری مرۆیـی: ئەندامانـی پەرلەمـان (پەرلەمانتـار) وەک سـنووری مرۆیـی توێژینەوەکـە دیاریکـراوە، کـە ژمارەیـان (١١١) پەرلەمانتـارە.

سـنووری کات: سـنووری کاتـی ئـەم توێژینـەوە خولـی پایـزەی سـاڵی ٢٠٢١ی پەرلەمانـی کوردسـتانە، کـە دەکەوێتـە نێـوان(٢٠٢١/٩/١ – ٢٠٢١/١٢/٣١)ھ.

١١: توێژینەوەکانی پێشوو:

یەکـەم: فوئـاد ئەحمـەد،٢٠١٦، (اسـتخدام البرلمانيـين للتكنولوجيـا الحديثـة للاعـلام والاتصـال فى تفعيـل الرقابةالبرلمانية)،زانکـۆی صەلاحەدین،ماسـتەرنامە: ئامانـج لـەم توێژینەوەیـە زانینـی رۆڵـی تەکنەلۆجیـای نوێـی راگەیانـدن و پێوەندییکردنـە لـە پرۆسـەی چاودێرییکردنـی پەرلەمـان و بەکارهێنانـی هۆکارەکانی راگەیانـدن، لەلایـەن پەرلەمانتارانـەوە، توێژینەوەیەکـی وەسـفیە، میتـۆدی رووپێـوی پەیرەوکـردوە، سامپڵەکانیشـی بریتیـن لـە ئەندامانـی پەرلەمـان خولـی چـوارەم و، لـە گرنگتریـن دەرئەنجامەکانـی:

ئامرازەکانـی تەکنەلۆجیـای نوێـی وەک مۆبایـڵ و نامـە ئەلیکترۆنییـەکان (ئیمەیـڵ) و پێگـە کۆمەڵایەتییـەکان لەلایـەن پەرلەمانتارانـەوە زیاتـر بەکاردەهێنرێـت، بـە بـەراورد بـە ئامـرازە ئاساییەکان.

نەبوونـی داتابەیسـێکی ئەلیکترۆنیـی تایبـەت بـە پەرلەمانـی کوردسـتان، کـە پێشـینەی کاری یاسـادانان و چاودێـری لەخۆبگرێـت.

ئـەم توێژینەوەیـە لـە رووی جـۆر و میتـۆد و کۆمـەڵ و سـامپڵەوە هاوشـێوەی ئـەم توێژینەوەیەیـە و، توێـژەر سـودی لـەم توێژینەوەیـە بینییـوە لـە رووی ناوەرۆکـەوە، بەتایبەتیـی کارکـردن لەسـەر پەرلەمـان و ئەندامانـی پەرلەمـان.

دووەم: سـندس فوئـاد مصطفـی،٢٠٠٨،( الوظيفـة الاتصاليـة للعلاقـات العامـة في برلمـان إقليـم كردسـتان) ،زانکـۆی

بەغداد،ماستەرنامە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە: زانینی رۆڵی بەشی پێوەندییە گشتییەکانی پەرلەمانی کوردستانە لەبەرەوپێشبردنی بەرنامەکانی پەرلەمان، توێژینەوەیەکی وەسفییە و رێبازی رووپێوی بەکارهێناوە، بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانیشی ئامرازی فۆرمی راپرسیی بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەشی هەرێمی کوردستان و سامپڵەکەشی پەرلەمانی کوردستانە، گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەمانەن:

دیدێکی زانستیی نییە بۆ تێگەیشتن لە ئەرکە زانستییەکانی پێوەندییە گشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان.

هۆکارەکانی پێوەندییکردنی کەسیی، زیاتر بەکاردێت هەتا هۆکارەکانی پێوەندییکردنی جەماوەریی.

پێگەی ئەلیکترۆنیی پەرلەمان نەبووە بە پشتیوانێکی ئەرشیفی ئەلیکترۆنیی بۆ پەرلەمان، هۆکارێکیش نەبووە بۆ بەهێزکردنی پێوەندییە گشتییەکانی پەرلەمانی کوردستان.

نزیکییەکی تەواو هەیە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە لە رووی جۆر و میتۆد و کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە، توێژەر سوودی لەم توێژینەوەیە بینییوە لە رووی ناوەڕۆکەوە.

١٢: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:

راگەیاندن: بریتییە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ، بیروڕا، بابەتی راست، لە رێگەی کەناڵە جیاجیاکانی راگەیاندنەوە، یان بریتییە لە گوزارشتی بابەتییانە لە ئەقڵییەتی جەماوەر، لە ویست و رۆحییەت و ئاڕاستەکانی لەهەمان کاتدا (عادل حەمەساڵح،٢٠٢٠، ٥٣)

راگەیاندنی پەرلەمانیی: میدیایەکی تایبەتمەندە کە سەرجەمی گفتوگۆ و بۆچوون و پێشنیاز و بڕیار و کوتلە پەرلەمانییەکانی لایەنگران، یان رکابەرەکان دەخاتەڕوو و تاوتوێیدەکات و شیدەکاتەوە بۆ سەرخستنی کەلتووری بەشدارییکردن و شەفافییەت (علی عبدلفتاح، ٢٠١٤، ١٣)

پەرلەمان: دامەزراوەیەکی دەستووریی سیاسییە و، لە ئەنجومەنێک یان زیاتر پێکدێت، ژمارەیەکی دیاریکراو ئەندامی هەڵبژێردراو یان دامەزراو یان هەردووکی لەخۆدەگرێت و، بەشێوەیەکی کاتی نوێنەرایەتیی گەل دەکەن و، وەک یەکێک لە دەسەڵاتە سەرەکییەکانی هەر دامەزراوەیەکی سیاسیی ئەرک و دەسەڵاتی تایبەت بە خۆی هەیە، دەسەڵاتی بڕیاردان و گفتوگۆیان هەیە لەسەر هەموو بابەتێک، کە پێوەندی بە بەرژەوەندی گەلەوە هەبێت و گوزارشتی لێبکات( ئەحمەد سعیفان،٢٠٠٨، ٢٩٠)

بەبازاڕکردنی سیاسیی: ئەو رێچکەیە، کە پارتە دیموکراتییەکان یان کاندیدەکان دەیگرنەبەر بۆ بردنەوەی هەڵبژاردن و راکێشانی زۆرترین دەنگدەر بۆخۆیان. (نەزاکەت حسێن، ٢٠٢٠، ٨٥)

بەبازاڕکردنی میدیایی: کۆمەڵێك چالاکیین، کە ئەنجامدەدرێن، ئامانج لێیان دۆزینەوەی بازاڕە بۆ کاڵایەک، پەیامێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی لە رێگەی یەکێک لە ئامرازەکانی راگەیاندنەوە کە سپۆنسەرکراوە لەپێناوی رازییکردن و قایلکردنی وەرگرەکانیدا. ( نەزاکەت حسێن، ٢٠٢٠، ٦٨)

یاسا: بریتییە لە کۆمەڵێک رێسا، کە هەڵسوکەوتی تاکەکان رێکدەخات لەکۆمەڵگەدا، بە رێکەوتن لەسەر بەرژەوەندییەکانیان و دیاریکردنی سزا لەسەر سەرپێچییەکانیان. ( محمد سامر،٢٠١٨، ٥٦)

بڕیاری پەرلەمانیی: ئەو بڕیارانەیە، کە پەرلەمان دەریدەکات وەک پیادەکردنی بەشێک لە تایبەتمەندێتیی یاسادانان، کە هاوشێوەی دەرچوواندنی یاساکانە لەناو هۆڵی پەرلەمان کە بە دەنگدان دەردەچووێنرێن. (هیوا حامد،دەستپێشخەری یاسادانان ،٢٠٢١، ٧٦)

## بەشی دووەم : تیۆرییینامەی توێژینەوەکە

یەکەم: پەرلەمانی کوردستان:

پەرلەمـان دامـەزراوەی یاسـادانانی هـەر وڵاتێکـە، بوونـی پەرلەمـان مانـای سـەربەخۆیی و هێـز دەدات بـەو وڵاتـە. ئـەو هێـز و سـەربەخۆییەی، کـە خـۆی خاوەنـی بنەمـای یاسـادانانی وڵاتەکـەی خۆیەتـی، هەرێمـی کوردسـتانیش لـەدوای ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی کوردسـتان، توانیویەتـی ببێـت بـە خاوەنـی پەرلەمانـی خـۆی و، داڕشـتنی بنەمای یاسـاکان و پەسـەندکردنی یاسـاکانی تێـدا پەسـەنددەکرێت. لـە هەرێمـی کوردسـتان، دەسـەڵاتی یاسـادانان بـە پەرلەمـان ناوزەنددەکرێـت، پەرلەمانـی کوردسـتان وەک» تاکـە پەرلەمانـی هەرێمیـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوڕاسـت دا، بیرۆکـەی دروسـتبوونی دەگەڕێتـەوە بـۆ کاتـی ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی کـورد، لەسـەر دەسـتی بـەرەی کوردسـتانیی دروسـتبووە، (جـەلال تاڵەبانـی) لـە کتێبـی دیـداری تەمـەن سـەرەداوێک لەبـارەی هەڵبـژاردن و پەرلەمانـەوە دەڵێـت: (نامەیەکـم لـە دۆسـتێکەوە بـۆ هاتـووە و، دەڵێـت ئەگـەر ئێمـە هەڵبـژاردن بکەیـن و حکومەتێـک دروسـتبکەین، ئەورووپـا یـان دەوڵەتـە گەورەکانـی وەک ئەمریـکا و ئینگلیـز ئامـادەن، دان بـەو حکومەتـەدا بنێـن، تورکیـاش قایلدەکەن کـە دژایەتیی کـورد نـەکات) «(سـەردارعزیز، ٢٠٢٠، ٥٠) ئەمـە سـەرچاوەیەی دامەزراندنـی پەرلەمانـی کوردسـتانە. پەرلەمـان (١١١) ئەندامـە، مـاوەی پەرلەمـان چـوار سـاڵە و لەیەکـەم دانیشـتنەوە دەسـتپێدەکات، لـەدوا دانیشـتنی سـاڵی چوارەمـدا کۆتاییدێـت. پەرلەمانـی کوردسـتان ئێسـتا لـە خولـی پێنجەمدایـە» بەهـۆی بارودۆخـی کوردسـتان و شـەڕی ناوخـۆوە خولـی یەکـەم ١٣ سـاڵی خایانـد (لەسـاڵی ١٩٩٢-٢٠٠٤) بەردەوامبـوو و، خولەکانـی تـر بەپێـی یاسـا ٤ سـاڵ جارێـک نوێدەبێتـەوە، بـەم شـێوەیە خولـی دووەم لـە سـاڵی (٢٠٠٥-٢٠٠٨)، خولـی سـێیەم ٥ سـاڵی خایانـد لـە سـاڵی (٢٠٠٩-٢٠١٣)، خولـی چوارەمیـش ٥ سـاڵی خایانـد (٢٠١٤-٢٠١٨). «(فوئـاد ئەحمـەد،٢٠١٨، ٩٨) خولـی پێنجەمیـش لـە (٢٠١٨/١١/٦ یەکـەم دانیشـتنی کـردووە و هەتـا ئێسـتا بەردەوامـە. بـە وردبوونـەوە لـە پەیـڕەوی ناوخـۆی پەرلەمـان و، یاسـای ژمـارە (١)ی سـاڵی ١٩٩٢ و، هەروەهـا ژمارەیـەک لـە یاسـا بەرکارەکانـی تـری پەرلەمـان، بۆمـان ڕووندەبێتـەوە کـە ئەندامانـی پەرلەمانـی کوردسـتان ئـەم ئەرکانەیـان لەئەسـتۆدایە:

«ئەرکی یاسادانان

ئەرکی نوێنەرایەتییکردن

ئەرکی نووسینەوە و پەسەندکردنی دەستوور

ئەرکی دارایی

هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی کەسەکان بۆ پۆستە باڵاکان

ئەرکی سیاسیی

ئەرکی دادوەریی. (هیواحامد، چوارچێوەی کاری پەرلەمانتار، ٢٠١٩، ٢٧- ٥٢)

دووەم: پرۆسەی یاسادانان لە پەرلەمانی کوردستان و ڕۆڵی میدیا لەو پرۆسەیەدا :

پەرلەمانـی کوردسـتان، ئـەو ناوەندەیـە کـە سـەرچاوەی یاسـایە لـە هەرێمـی کوردسـتان دا، «پێدانـی مافـی یاسـا و داڕشـتن بـۆ هەرێمـی کوردسـتان سـەرچاوەیەکی گـەورەی بەهێـزە بـۆ سیسـتەمی حکومڕانیـی لـە هەرێمـی کوردسـتان. پەرلەمـان چەقـی ئـەو دەسـەڵاتە یاسـایی و سیاسـیی و مەعنەوییەیـە، کـە گوڕەداتـە دامەزراوەکانـی تـری حوکوممڕانیی، مینبـەرە سروشـتییەکەی سـەرکردە باڵاکانـی حیزبـە سیاسـییەکانە هەتـا بـەردەوام دیبەیتـی سـتراتیژیی درێژخایـەن بـۆ

دیاریکردنـی ڕێـڕەوی وڵاتەکـە و چارەسـەری ناکۆکیـی و قەیرانـە ناوەکییەکانـی تێـدا ئەنجامبـدەن»(دلاوەر عبدولعزیـز، ٢٠١٨، ٨) ،دەرکـردن و پەسـەندکردنی یاسـاکان ڕێـکاری تایبەتیـی خۆیـان هەیـە، کـە بـە پێـی یاسـا و پەیـڕەوی ناوخـۆی پەرلەمـان دیاریکـراوە، کـە قۆناغەکانـی پرۆسـەی یاسـادانان بەپێـی پەیـڕەوی ناوخۆیـی پەرلەمانـی کوردسـتان، بـەم قۆناغانـە ناوزەنـد دەکرێـن:

پێشنیازی پرۆژە یاسا: کە لەلایەن حکومەت یان ١٠ ئەندامی پەرلەمانەوە پێشکەش بە پەرلەمان دەکرێت.

گفتوگـۆ و دەنگـدان و پەسـەندکردن: ئەمـەش خـۆی دەبینێتـەوە لـە خوێندنـەوەی یەکـەم و دووەم و سـێیەم لەنـاو پەرلەمانـی کوردسـتانەوە.

دەرچواندن: دوای پەسەنکردن دەنێردرێت بۆ سەرۆکایەتی هەرێم بۆ دەرچواندنی.

بڵاوکردنەوە: بڵاوکردنەوەی یاسا و بڕیارەکەیە لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایع.

جێبەجێکـردن: جێبەجێکردنیەتـی لەلایـەن دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن و دادوەرییـەوە. «(د. خامـۆش عومـەر و دانـا دارا، ٢٠١٩،٢٨).

بێگومـان لەمـاوەی زیاتـر لـە سـیی سـاڵی ڕابـردوودا، پەرلەمـان کۆمەڵێـك یاسـا و بڕیـاری گرنگـی پەسـەندکردوە، بـۆ خسـتنەڕووی ئـەو بڕیـار و یاسـایانەی کـە لەمـاوەی رابـردوودا پەرلەمانـی کوردسـتان پەسـەندیکردوون، لـەم خشـتەیەدا دەخرێنەڕوو:

خشتەی(أ)

خول و یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان

| خولەکانی پەرلەمان | ساڵەکان | یاساکان | بڕیارەکان | گشتی |
|---|---|---|---|---|
| خولی یەکەم | ١٩٩٢-٢٠٠٤ | ١٧٢ | ٣٥٩ | ٥٣١ |
| خولی دووەم | ٢٠٠٥-٢٠٠٨ | ٧٩ | ٣٠ | ١٠٩ |
| خولی سێیەم | ٢٠٠٩-٢٠١٣ | ٨٥ | ٥٨ | ١٤٣ |
| خولی چوارەم | ٢٠١٤-٢٠١٨ | ٣١ | ٤٧ | ٧٨ |
| خولی پێنجەم | ٢٠١٩- ٢٠٢٢/١/١ | ٢٩ | ٣٦ | ٥٥ |
| کۆی گشتی | ٣٠ ساڵ | ٣٩٦ | ٥٣٠ | ٩٢٦ |

ئـەوەی لـەم خشـتەکەدا خراوەتـەڕوو؛ داتـای خـول و سـاڵ و یاسـا و بڕیارەکانـی پەرلەمانـە، بەپێـی ئـەو داتایانـەی کـە لـە ماڵپـەڕی فەرمیـی پەرلەمانـی کوردسـتانەوە وەرگیـراوە، لـە خولـی یەکەمـی پەرلەمـان (١٧٢) یاسـا دەرچـوون لەگـەڵ (٣٥٩) بڕیـار، خولـی دووەم (٧٩) یاسـا و (٣٠) بڕیـار دەرچـوون، خولـی سـێیەم (٨٥) یاسـا و (٥٨) بڕیـار دەرچـوون، لـە خولـی چواریـش (٣١) یاسـا و (٤٧) بڕیـار دەرچـوون، هەرچـی خولـی پێنجەمیشـە هەرچەنـدە هێشـتا خولەکـە تـەواو نەبـووە، بـەڵام لـە تەنهـا سـێ سـاڵی خولەکـەدا (٢٩) یاسـا پەسـەندکراون لەگـەڵ (٣٦) بڕیـار، بەمـەش کـۆی گشـتیی ئـەو یاسـا و بڕیارانـەی کـە پەرلەمـان پەسـەندیکردوون (٩٢٦) یاسـا و بڕیـارە. لـەو ژمارەیـە (٣٩٦) یاسـای لـە سـەرجەم بوارەکانـی ژیـان دەریکـردووە بەپێـی پێداویسـتی خەڵـک و وەزارەتەکانـی حکومـەت، کـۆی گشـتیی ئـەو بڕیارانـەی کـە دەریکـردوون (٥٣٠) بڕیـارە، بـەڵام ئـەم بڕیارانـە هەمـووی بڕیارەیاسـا نییـن، واتـا بڕیـاری یاسـایی نیـن بەڵکـو زۆربـەی بڕیارەکانـی بڕیـاری ئاسـایی پەرلەمانـن بـۆ ڕێکخسـتنی کار و بـاری پەرلەمـان و، لیژنەکانـی پەرلەمـان و، دیاریکردنـی

ئەندامانـی لیژنـەکان و، پێکهێنانـی لیژنـەی لاوەکیـی و دەستلەکارکێشـانەوەی ئەندامـان لـە لیژنـەکان و، گواسـتنەوەی ئەندامانـە لـە لیژنەیەکـەوە بـۆ لیژنەیەکـی تـر، بـەڵام یاسـاکان گرنگییەکـی زۆریـان هەیـە بـۆ ڕێکخسـتنی ژیانـی خەڵک و ئاسـانکاریی کاری وەزارەتەکانـی حکومـەت. سـەرجەم ئـەو یاسـا و بڕیارانـەی، کـە پەرلەمـان دەریانـدەکات هەتـا بڵاونەکرێنـەوە، هێـزی یاسـایی وەرناگـرن، «لـە چەندیـن وڵات یاسـا ڕانەگەیـنراوەکان هێـزی یاسـایان نییـە و، یاسـاکان لـەڕۆژی بڵاوکردنـەوەی لـە ڕۆژنامـەی فەرمیـی کاریـان پێدەکرێـن. لـە عێـراق دا بەپێـی مـاددەی (١٢٩)ی دەسـتوور، هەمـوو یاسـاکان پێویسـتە لـە ڕۆژنامـەی فەرمیـی کۆمـاری عێـراق (الوقائـع العراقیـة) بـە هـەردوو زمانـی عەرەبیـی و کوردیـی بڵاوبکرێتـەوە. لـە هەرێمـی کوردسـتانیش، یاسـاکان لـە ڕۆژنامـەی فەرمیـی هەرێمـی کوردسـتان (ڕۆژنامـەی وەقائیعـی کوردسـتان) بڵاودەکرێتـەوە کـە لەلایـەن( وەزارەتـی داد)ەوە دەردەکرێـت، بەپێـی یاسـای بڵاوکردنـەوەی هەرێـم ژمـارە (٤ی سـاڵی ١٩٩٩) (مـاددەی یەکـەم) ڕۆژنامـەی وەقائیعـی کوردسـتان، تایبەتـە بـە بڵاوکردنـەوەی یاسـا و بڕیارەکانـی پەرلەمانـی کوردسـتان و ئـەوەی بـە پاشـکۆیان دادەنرێـت و، بەپێـی (مـاددەی سـێیەم و لەهەمـان یاسـا) ئـەوەی لـە «وەقائیعـی کوردسـتان» دا بڵاودەبێتـەوە، ئـەوە بـە دەقـی فەرمیـی پشتبەسـتراو دادەنرێـت و لەمێـژووی بڵاوکردنەوەیـەوە کاری پێدەکرێـت.»( فوئـاد ئەحمـد، ٢٠١٨، ٣٧)

## سێیەم : ڕاگەیاندنی پەرلەمانیی:

ئامرازەکانـی ڕاگەیانـدن، بایەخێکـی زۆریـان هەیـە بـۆ پەرلەمـان و کارەکـەی، چونکـە لەڕێگـەی ئەوانـەوە هاوڵاتیـان ئاشـنادەبن بـە کاروبـاری گشـتیی و کەناڵـی سـەرەکیین بـۆ بەیەکگەیشـتنی پەرلەمـان و جەمـاوەر. «هۆکارەکانـی ڕاگەیانـدن ڕۆڵـی گەورەیـان هەیـە لـە بڵاوکردنـەوەی ڕۆشـنبیریی و فراوانکردنـی مـەودای ئازادیـی ڕادەبڕیـن، پێویسـتە لەسـەر ڕاگەیاندنـی پەرلەمـان پابەندبێـت بـە ئـاکار و سـەرەتاکانی ڕاگەیانـدن لـە ڕاسـتگۆیی و متمانـە و وردبینییکـردن لـە گواسـتنەوەی ڕووداوەکان بـۆ جەمـاوەر، لەڕاسـتیدا ڕاگەیاندنـی پەرلەمـان ئامانجـی لـەوە گەورەتـرە کـە پێیوابـێ کـە تەنهـا کاری پەخشـکردنی دانیشـتنەکانی پەرلەمانـە، بەڵکـو پێویسـتە زیاتـر بچێتـە ناوەڕۆکـی بابەتـەکان بـە ڕۆچوونـە نـاو بابەتـەکان و لێکۆڵینـەوە و شـیکردنەوە و هەڵسـەنگاندن و ڕەخنەگرتـن لەسـەر هەمـوو بابەتەکانـی پەرلەمـان») بسـام عبدالرحـمان،٢٠٠٥، ١١٤)، «ڕاگەیاندنـی پەرلەمـان بـۆ هـەر پەرلەمانێکـی وڵاتـان، زەرورەتێکـی حەتمییـە لەپێنـاو گەیشـتنی زانیارییـەکان بـە جەمـاوەر و، ئامانـج لـە بوونـی میدیـای تایبەتـی پەرلەمـان بـۆ خسـتنەڕووی ڕۆڵـی پەرلەمانتارانـە ،سـەبارەت بـە کارکردنیـان بـۆ ڕێزگرتنـی هاوڵاتیـان و، گرنگیپێدانـی پەرلەمـان بـە ژیـان و گوزەرانـی خەڵـک و سـەقامگیرکردنی پرۆسـەی دیموکراسـیی. کەناڵـی پەرلەمانـی بـە سـەرچاوەیەکی گرنگـی پاڵپشـتییکردنی بڕیـاردان دادەنرێـت بـۆ یاسـا و بڕیـارەکان و، ڕێگەیەکـە بـۆ خسـتنەڕووی گفتوگـۆ و ئاڵوگۆڕکردنـی بیـر و بۆچوونەکانـی پەرلەمانتـاران لەسـەر بابەتـەکان، خسـتنەڕووی بیروبۆچوونـە دژبەیەکەکانـە لەنـاو پەرلەمـان، هەروەهـا پێدانـی زانیاریـی لەسـەر ئـەو پێشـنیاز و یاسـا و بڕیارانـەی کـە لەنـاو پەرلەمـان گفتوگـۆی لەسـەردەکرێن، میدیـای پەرلەمانیـی ئامانجـی تەنهـا پەخشـکردنی دانیشـتن و چالاکییەکانـی پەرلەمـان نیـە، بەڵکـو هۆکارێکـە بـۆ پاڵپشـتییکردنی خـودی بڕیـاری پەرلەمانیـی.» ( بسـام عبدالحـمان،١٦٩،٢٠٠٥). بۆفەراهەمکردنـی بەشـدارییپێکردنی کەناڵـەکان لـە دانیشـتن و کۆبوونـەوەی لیژنەکانـی پەرلەمـان بەبـێ جیاوازیـی، ڕاگەیاندنـی پەرلەمـان نابێـت بکەوێتـە بەرامبـەر کەناڵـەکان و نەبێـت بـە هـۆکاری دروسـتکردنی کرژیـی لەنێـوان کەناڵـەکان، بەڵکـو پێویسـتە هاوکاریـی بەردەوامـی کەناڵەکانـی تـر بێـت لەپێنـاوی بەرژەوەنـدی خەڵکـدا ،هەمـوو ئامادەییـەک پیشـانبدات بـۆ پتەوکردنـی پێوەندیەکانـی لەنێـوان

پەرلەمـان و کەناڵـەکان، بـۆ گەیشـتن بـەو ئامانجـە پێویسـتە پەرلەمـان هـۆکار و کەناڵـی جیاجیـای هەبـێ بۆئـەوەی رووماڵـی زۆرتریـن زانیاریـی بـۆ زۆرتریـن جەمـاوەر بـکات، ئـەوەی کـە پێویسـتە پەرلەمـان هەیبێـت، ئەمانـەن:

«بڵاوکردنـەوەی رۆژانـە و هەفتانـە و مانگانـە، سـەبارەت بـە کارکردنـی دەسـتەی سـەرۆکایەتیی پەرلەمـان و لیژنـە تایبەتمەنـدەکان و خسـتنەڕووی یاسـا و بڕیـارە دەرچوێـنراوەکان و گفتوگۆکـردن لەسـەر ئـەو یاسـا و بڕیارانـەی لـە پرۆسـەی یاسـادانانن (تەشریعـن).

تـۆڕی تەلەفزیۆنیـی: بوونـی تـۆڕی تەلەفزیۆنیـی یەکێکـە لـە گرنگتریـن هۆیەکانـی گەیشـتن بـە جەمـاوەر. ئـەو پەرلەمانانـەی کـە تەلەفزیۆنیـان هەیـە بەمانـای گەیشـتن بـە جەمـاوەر لـە قەڵـەم دەدرێـن.

پێگـەی ئینتەرنێـت: کـە تێیـدا دەسـتور و یاسـا و بڕیـار و پەیـڕەوی ناوخـۆ و کوتلـە سیاسـییەکان و لیژنـە و ئەندامانـی پەرلەمـان و رۆژانـەی پەرلەمـان لەخۆدەگرێـت.

رۆژنامـەی تایبـەت بـە پەرلەمـان: سـەرەڕای باونەمانـی رۆژنامـە، بـەڵام بوونـی زۆر گرنگـە وەک بەڵگەنامەیەکـی کاغەزیـی.

کتێبخانەیەک بۆ هەمووان کە تێیدا وێنە و بڵاوکراوە و فلیم و فایلی یاسایی لەخۆبگرێت.

خزمەتگوزاریی بەشێوەی تەلەفۆن بۆ پرسیارکردن و بەدەستهێنانی زانیاریی.

راپۆرتی ساڵانەی کاری پەرلەمان، ئاڕاستەکراو بۆ هەموو خەڵک.

دروسـتکردنی پێگـەی ئەلیکترۆنیـی بـۆ هەریەکێـک لـە ئەندامانـی پەرلەمـان، هەتـا هاوڵاتیـان بتوانـن گفتوگۆیـان لەگـەڵ بکـەن. «(ایلـی خـوری،٢٠٠٥، ٦-٩)

## چوارەم: ئەرکەکانی راگەیاندنی پەرلەمانی:

سـەبارەت بـە ئەرکەکانـی میدیـای پەرلەمانیـی، وەک پەیـام و ئەرکـی میدیایـی، پسـپۆڕان و شـارەزایانی میدیـای پەرلەمانیـی، ئەرکـی ئـەم میدیایـە لـە چەنـد خاڵێکـدا دیاریدەکـەن، گرنگترینیـان ئەمانـەن:

«روونکردنـەوەی رۆڵـی چاودێرییکردنـی پەرلەمـان و ئەندامانـی پەرلەمـان، لەڕێـی رۆشـنایی خستنەسـەر دیارتریـن پرسـاندنەکان و پرسـیارەکان و قسـەکردن و گفتوگۆکانـی پەرلەمانتـاران لـە دانیشـتنەکانی پەرلەمانـدا.

بەبیرهێنانـەوەی خەڵکیـی سـەبارەت بـە مێـژووی سیاسـیی پەرلەمـان و هەڵوێسـتەکانی پەرلەمـان لـەو پرسـانەدا کـە لەسـەریان وەسـتاوە، پاڵپشـتیکردنی رۆشـنبیریی سیاسـیی و بەشـدارییکردنی سیاسـیی و بانگهێشـتکردنی جەمـاوەر بـۆ گردبوونـەوە لـە دەوری پەرلەمـان.

دەرخستنی رۆڵی کوتلەی پەرلەمانیی لە هەڵوێستەکانیاندا، لەناو پەرلەمان و، تیشکخستنە سەر چالاکیەکانیان .

بەشـدارییکردن لـە پرۆسـەی سەرخسـتنی هەڵمەتـی هەڵبژاردنـەکان بـۆ پێکهێنانـی پەرلەمـان دوای کۆتاییهاتنـی هـەر خولێکـی پەرلەمـان.

هەڵسـەنگاندنی ئـەدای پەرلەمانتـار لـەلای جەمـاوەر، چونکـە میدیـا تاکـە ئامرازێکـە کـە لەڕێگەیـەوە خەڵـک بتوانێـت ئـەدای کاری نوێنەرەکانیـان لـە پەرلەمـان بزانـن. «(بسـام عبدالرحـمان، ٢٠٠٥، ١٥٤-١٥٥)

«پشتیوانییکردن لە بڕیارە پەرلەمانییەکان و ئەو بڕیار و یاسایانەی کە پەرلەمان دەریدەکات.

بڵاوکردنـەوەی زانیاریـی و ژمـارە و داتاکانـی نـاو پەرلەمـان بەشـێوازێکی راسـت و دروسـت «(علـی عبدالفتـاح،٢٠١٤، ١٥١)

## پێنجەم: ئامانجەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی:

بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن پەرلەمانە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێک ئامانج لەوانە:

«تیشک خستنەسەر ڕۆڵی ئەنجومەنەکانی پەرلەمان لە یاسادانان و چاودێری و بەگژداچوونەوەی گەندەڵی.

بوژاندنەوە و بڵاوکردنەوەی کەش وهەوای دیموکراسی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا.

کاراکردنی ڕۆڵی هاوڵاتیان لە هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەنجومەنی پەرلەمان و بەرزکردنەوەی بەشداری جەماوەری لە بڕیاردان.

بەهێزکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی پەرلەمان لەڕێگەی بەستنەوەی ئەنجومەنەکانی پەرلەمان بەتاک و دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کە حکومی و تایبەتن.

تیشک خستنەسەر قەبارەی کاری پەرلەمانی و پراکتیکی ڕێکخەری و دەستپێشخەرییە یاساییەکانی ئەندامان.»(علی عبدالفتاح، ٢٠١٤، ١٤٩)

«بەرزکردنەوەی پرەنسیپی دیالۆگ و پەسەندکردنی بیروڕای تر لەڕێگەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان ئەندامانی پەرلەمان و هاوڵاتیانەوە.

جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی حکومەت لەدابینکردنی زانیاری و هەماهەنگی لەگەڵ پەرلەماندا.

ناساندنی ئەنجومەنی پەرلەمان و بڕیار و ڕاسپاردە و میکانیزم و چالاکییەکانی ئەندامانی»(محمود عبدالعزیز،٢٠٠٦، ١٥٠)

## شەشەم: ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان :

لە پەرلەمانی کوردستان ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە چوارچێوەی بەڕێوبەرایەتیەک بەناوی (بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان) لە کۆی ئەو شەش بەڕێوبەرایەتیەی پەرلەمان کارەکانی خۆی دەکات، هەرچەندە بەپێی ماددەی (١١٤)ی پەیڕەوی ناوخۆ ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە چوارچێوەی (بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکان) دەبێت بەڵام تا ئێستا ئەو بەڕێوبەرایەتیە گشتیە نەکراوەتەوە بەهۆی ڕێکنەکەوتنی لایەنە سیاسیەکان،ڕاگەیاندن لە پەرلەمانی کوردستان هەر لەسەرەتای خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستانەوە گرنگی پێدراوە بەڵام پەرلەمان خۆی ڕاگەیاندنی نەبوو پشتی بە ڕاگەیاندنی حیزبەکان بەستوە، « لە ڕێگەی هەواڵنوسێک و وێنەگرێکەوە هەواڵەکانی دەنووسرا و دواتر وێنەکان و هەواڵەکە دابەش دەکرا بەسەر کەناڵە حیزبییەکاندا، دانیشتنەکانیش بە کامێرا ئەرشیف دەکرا و کامێرای کەناڵە حیزبییەکانیش دەهاتنە ناوپەرلەمان و تۆماری دانیشتنەکانیان دەکرد و دواتر پەخشیان دەکرد ، دوای پەیدابوونی کەناڵی ئاسمانی، توانای پەخشی ڕاستەوخۆی دانیشتنەکانی پەرلەماندا ڕوویدا یەکەم دانیشتنی پەخشی ڕاستەوخۆ دانیشتنی یەکگرتنەوەی پەرلەمان بوو لە ٢٠٠٢/١٠/٤ کە کەناڵی گەلی کوردستان و کەناڵی کوردستان تی ڤی پەخشیان کرد، پێش ئەو بەروارە هەموو دانیشتنەکانی پەرلەمان تۆمارکراوبوو شەوان بەپێی ناوەڕۆکی دانیشتنەکە و سیاسەتی کەناڵەکە بەشیوازی ڕاپۆرت و هەواڵ و ڕیپۆرتاژ پەخش دەکرا.

لەدوای دەرکەوتنی کەناڵی ئاسمانی و گەشەکردنی تەکنەلۆجیا و بەتایبەت لەبواری میدیادا ڕوماڵ و پەخشکردنی میدیایی گۆڕانی بەسەردا هات بێگومان پەرلەمانیش سوودی لەم تەکنیکانە وەرگرت ، لە خولی دووەمەوە و

سـەرەڕای بوونـی پەخشـی ڕاسـتەوخۆی دانیشـتنەکان، کەناڵـەکان و گۆڤـار و ڕۆژنامـەکان زیاتـر دەهاتنـە نـاو پەرلەمـان و گرنگیـان دەدا بـە پەرلەمـان، پەرلەمـان بـووە جێگـەی بایەخـی کەناڵـە ئاسـمانی و ناوخۆیـی و عەرەبییـەکان. هەرلـە خولـی دووەمـدا بەڕێوبەرایەتـی ڕاگەیاندنـی پەرلەمـان دامـەزرا، لـە مانگـی ١٢ی سـاڵی ٢٠٠٧ بـە فەرمـی سـایتی پەرلەمانـی کوردسـتان دامەزرا،کـە کـۆی گشـتی چالاکیـەکان و دانیشـتن و بڕیـار و یاسـاکانی پەرلەمانـی تێیـدا فەراهەمکـرا بـۆ ڕۆژنامەنوسـان و خەڵکـی هەرێمـی کوردسـتان ، لـە خولـی سـێیەمەوە هۆشـیاری پەرلەمانـی زیاتـر بڵاوبوویـەوە خەڵـک و میدیـاکان بـە گرنگـی زیاتـرەوە لـە پەرلەمانیـان دەڕوانـی، لـە ٢٠١١/٣/١ پەخشـی ئەزمونـی کەناڵـی ئاسـمان پەرلەمـان دەسـتی پێکـرد ، ئەمـە جگـە لـە دامەزراندنـی سـەنتەری میدیـا، کـە لـە ڕێگەیـەوە هەمـوو کەناڵـە تەلەفزیۆنیـەکان بەبـێ جیـاوازی دەیانتوانـی بـە یـەک تەکنیـک و یـەک ڕوومـاڵ دانیشـتنەکانی پەرلەمـان وەربگـرن و پەخشـی بکـەن، بـەڵام لـە کۆتـای خولەکـەدا پەخشـی کەناڵەکـە ڕاگیرا»(تـارق جەوهـەر، چاوپێکەوتـن )

« لـە خولـی چوارەمـی پەرلەمانـی کوردسـتان بەهـۆی بارودۆخـی سیاسـی ئەو کاتـەی پەرلەمـان و پەککەوتنـی پەرلەمان بۆمـاوەی دوو سـاڵ،ڕاگەیاندنی پەرلەمـان بـە پێـی پێویـس کارەکانـی خـۆی نەدەکـرد پەخشـی دانیشـتنەکانی پەرلەمـان لەسـەر ماڵپـەڕی پەرلەمـان و یوتیـوب و تـۆڕە کۆمەڵایەتیەکانـی پەرلەمـان دادەنـرا و لەڕیگـەی سـەنتەری میدیـاوە پەخشـەکە دەدرا بـە کەناڵـە تەلەفزیۆنییـەکان، ئـەم خولـە پەرلەمـان خاوەنـی کەناڵـی تەلەفزیۆنی(ئاسـمانی ، ناوخـۆی) خـۆی نەبوو»(فوئـاد ئەحمـەد، چاوپێکەوتـن)

سـەبارەت بـە خولـی پێنجـەم هەرلەسـەتای خولەکـەوە کەناڵـی ناوخـۆی پەرلەمـان لەسـەر پەخشـی دیجیتاڵـی لەسەرتاسـەری هەرێمـی کوردسـتان دەسـتی پێکـرد ،کـە تەنهـا لەکاتـی کۆبونەوەکانـی پەرلەمـان کاردەکات و پەخشـی دانیشـتنەکانی پەرلەمـان دەکات، دانیشـتنەکانی پەرلەمـان سـەرەڕای پەخشـکردنی لـە کەناڵـی پەرلەمـان لەسـەر ماڵپـەڕی پەرلەمـان لـە یوتیـوب و تـۆڕە کۆمەڵایەتیەکانـی پەرلەمـان دادەنـرێ ئەمـەش ئاسـانکاریەکی باشـە بـۆ ئـەو کەناڵانـەی کـە ناتوانـن بێنـە پەرلەمـان یـان بـۆ ئـەو ماڵپـەڕ و ڕۆژنامانـەی کـە توانـای داراییـان سـنووردارە ، ئێسـتا بەڕێوبەرایەتـی ڕاگەیانـدن لـە چـوار ڕێگـەوە بەشـێوەی ڕاسـتەوخۆ دانیشـتنەکانی پەرلەمـان بـۆ هاوڵاتیـان و میدیـاکاران فەراهـەم کـردووە:

«لەڕیگەی کەناڵی ناوخۆیی و Out putی پەرلەمانەوە.

لەڕێگەی پەخشی ڕاستەوخۆی لە یوتیوب.

لەڕێگەی لایڤی پەیجی فەیسبووکەوە.

لەڕێگەی پەخشی ڕاستەوخۆی لە ماڵپەڕی پەرلەمانەوە»(سامان ئەحمد، چاوپێکەوتن).

بەشی چوارەم : پراکتیکنامەی توێژینەوەکە

خستنەڕووی شیکاری فۆڕمی راپرسی :

یەکەم : تایبەتمەندیەکانی سامپڵی توێژینەوەکە

خشتەی ژمارە (١)

تایبەتمەندی دیمۆگرافی سامپڵی توێژینەوەکە

| تایبەتمەندی دیمۆگرافی پەرلەمانتاران | | چەندبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | ٧٠ | ٪٧١,٤ |
| | مێ | ٢٨ | ٪٢٨,٦ |
| | کۆ | ٩٨ | ٪١٠٠ |
| تەمەن | ٢٥-٣٤ ساڵ | ٢٢ | ٪٢٢,٤ |
| | ٣٥-٤٤ ساڵ | ٣٦ | ٪٣٦,٧ |
| | ٤٥-٥٤ ساڵ | ٢٦ | ٪٢٦,٥ |
| | ٥٥ بەرەوژوور | ١٤ | ٪١٤,٣ |
| | کۆ | ٩٨ | ١٠٠,٠ |
| بڕوانامە | ئامادەیی | ٧ | ٪٧,١ |
| | دبلۆم | ١٤ | ٪١٤,٣ |
| | بەکالۆریۆس | ٤٩ | ٪٥٠,٠ |
| | دبلۆمی باڵا | ١ | ٪١,٠ |
| | ماستەر | ١٩ | ٪١٩,٤ |
| | دکتۆرا | ٨ | ٪٨,٢ |
| | کۆ | ٩٨ | ١٠٠,٠ |
| لایەنی سیاسی | سەربەخۆ | ٣ | ٪٣,١ |
| | کۆمەڵی دادگەری | ٦ | ٪٦,١ |
| | پارتی دیموکراتی کوردستان | ٤٤ | ٪٤٤,٩ |
| | یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ١٩ | ٪١٩,٤ |
| | بزوتنەوەی گۆڕان | ١٠ | ٪١٠,٢ |
| | پێکهاتەکان | ٩ | ٪٩,٢ |
| | نەوەی نوێ | ٢ | ٪٢,٠ |
| | یەکگرتوو | ٤ | ٪٤,١ |
| | ئازادی | ١ | ٪١,٠ |
| | سەردەم | ٠ | ٠ |
| | کۆ | ٩٨ | ١٠٠,٠ |

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە خشتەی (١) ڕوونکراوەتەوە، کە تایبەتە بە خستنەڕووی تایبەتمەندی دیمۆگرافی سامپڵی توێژینەوەکە، بە پێی خشتەکە ڕەگەزی نێر بە ڕێژەی (٧١،٤٪) بەپلەی یەکەم دێت، ڕەگەزی مێینەش ڕێژەی (٢٨،٦٪)ی پێکهێناوە و بەپلەی دووەم دێت، هەروەها تەمەنی ساپڵەکە، بەڕێژەی (٣٦،٧٪) پەرلەمانتاران

تەمەنیـان لەنێـوان (٣٥-٤٤) سـاڵیدایە و پلـەی یەکـەم لـە سـامپڵەکە جێگیـر دەکـەن، هەروەهـا ئەوانـەی کـە تەمەنیـان لـە (٥٥ سـاڵ بـەرەوژوور) ڕێـژەی (١٤,٣)ن و لـە ڕیزبەنـدی کۆتاییدایـە، بەمـەش بۆمـان ڕووندەبێتـەوە کـە زۆرینـەی پەرلەمانتـاران تەمەنیـان لەنێـوان (٣٥-٤٤) سـاڵیدایە.

هەروەهـا زۆرینـەی پەرلەمانتـاران بڕوانامـەی بەکالۆرۆسیان هەیـە بـە پلـەی یەکـەم بەڕێـژەی (٥٠٪)، وە، هەڵگرانـی بڕوانامـەی دبلۆمـی بـاڵا لـە ڕیزبەنـدی کۆتاییـە ،بـە ڕێـژەی (١.٠٪) دێـت. ئەمـەش مانـای وایە کـە ئەندامانـی پەرلەمانی کوردسـتان زۆرینەیـان هەڵگـری بڕوانامـەی زانکـۆی بەکالۆریۆسـن ، بـۆ خسـتنەڕووی لایەنـی سیاسـی پەرلەمانتـاران حیزبـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـە ڕیزبەنـدی یەکـەم و بەڕێـژەی (٤٤.٩٪) دێـت، یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان بـە ڕیزبەنـدی دووەم و بـە ڕێـژەی (١٩.٤٪) دێـت، و فراکسـیۆنی ئازادیـش بەڕێـژەی (١.٠٪) لـە ڕیزبەنـدی کۆتاییـن، بەپێـی ژمـارەی کورسـیەکانی پەرلەمـان فراکسـیۆنی پارتـی زۆرتریـن ژمـارەی کورسـیان هەیـە کـە ٤٥ کورسـی پەرلەمانیـە وە ئاسـتی وەڵامدانـەوەی فراکسیۆنەکەشـیان بـۆ ئـەم ڕاپرسـیە زۆرترینـی نـاو سـامپڵەکەیە ، فراکسـیۆنی یەکێتـی دووەم گەورەتریـن کوتلـەی پەرلەمانیـە بۆیـە لێـرەش ڕیزبەنـدی دووەمـی سـامپڵەکەی دیـاری کـردووە.

دووەم: پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

تەوەری یەکەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکان

خشتەی (٢)

ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا

| برگەکان | هەمیشە | | زۆرجار | | هەندێکجار | | کەمجار | | هەرگیز | | ناوەندە ژمێرە | | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | ٪ | چ | ٪ | چ | ٪ | چ | ٪ | چ | ٪ | | | |
| ١. توانـای پێدانـی زانیـاری پێویسـت بـە کەناڵـە تەلەفزیۆنیـەکان سـەبارەت بـە یاسـا و بڕیـارەکان | 5 | 5.1 | 18 | 18.4 | 35 | 35.7 | 30 | 30.6 | 10 | 10.2 | 2.78 | 3 | هەندێکجار |
| ٢-هەوڵـدان بـۆ ناساندنی یاسـا و بڕیـارەکان بـە هاوڵاتیـان | 4 | 4.1 | 18 | 18.4 | 29 | 29.6 | 34 | 34.7 | 13 | 13.3 | 2.65 | 4 | هەندێکجار |
| ٣ – سـود لـێ بینینـی کەناڵـە تەلەفزیۆنیـەکان بـۆ گواسـتنەوەی کار و چالاکیەکانـی نـاو هۆڵـی پەرلەمـان بـۆ جەمـاوەر. | 15 | 15.3 | 25 | 25.5 | 28 | 28.6 | 25 | 25.5 | 5 | 5.1 | 3.20 | 2 | هەندێکجار |
| ٤ - ململانـێ سیاسـیەکان و سیاسـەتی کەناڵـەکان ڕێگربـووە لـە گەیشـتن و ناسـاندنی پـڕۆژە و پێشـنیازە یاسـا و بڕیـارەکان | 26 | 26.5 | 37 | 37.8 | 21 | 21.4 | 11 | 11.2 | 3 | 3.1 | 3.73 | 1 | زۆرجار |
| ٥ - ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان بووەتە تاکە سەرچاوەی ڕاگەیاندنی پەرلەمان بۆ ناساندنی یاسا و بڕیارەکان. | 8 | 8.2 | 11 | 11.2 | 30 | 30.6 | 34 | 34.7 | 15 | 15.3 | 2.62 | 5 | هەندێکجار |
| کۆ | | | | | | | | | | | 2.99 | | هەندێکجار |

ئـەوەی لـە خشـتەی ژمـارە (٢))دا ڕوونکراوەتـەوە برگەکانـی تـەوەری یەکەمـە کـە (ڕۆڵـی ڕاگەیاندنـی پەرلەمانـی

کوردستان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا) دەخاتەڕوو،بەشێوەیەکی گشتی بۆ وەڵامدانەوەی تەوەری (ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا) بە کۆی گشتی ناوەندە ژمێرەی (٢،٩٩) و بە پێوەری لیکارد، (هەندێکجار) ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان ڕۆڵ دەگێڕێت لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکاندا، بەڵام بۆ وەڵامدانەوەیان بۆ بڕگەکانی ناو تەوەرەکە دەردەکەوێت کە برگەی چوارەم بە ناوەندە ژمێرەی (٣.٧٣) لەڕیزبەندی یەکەمدایە کە پێیان وایە زۆرجار ململانێ سیاسیەکان و سیاسەتی کەناڵەکان ڕێگربوونە لە ناساندن و گەیشتنی پرۆژە و پێشنیازە یاساکان بە جەماوەر.پاشان برگەی سێیەم بە ناوەندە ژمێرەی (٣.٢٠) لە ریزبەندی دووەمدایە کە پێیان وایە هەندێکجار کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان توانیویانە سوود لە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان وەربگرن بۆ گواستنەوەی کار و چالاکیەکانی ناو هۆڵی پەرلەمان بۆ جەماوەر.دواتر برگەی یەکەم بە ریزبەندی سێیەم و بەناوەندە ژمێرەی (٢.٧٨) دێت کە پێیان وایە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان هەندێکجار زانیاری پێویست دەدات بە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان سەبارەت بە یاسا و بڕیارەکان. وە ریزبەندی چوارەمیش برگەی دووەمی تەوەرەکەیە بە ناوەندە ژمێرەی (٢،٦٥) کە پێیان وایە هەندێکجار ڕاگەیاندنی پەرلەمان هەوڵی ناساندنی یاسا و بڕیارەکان دەدات. وە ریزبەندی کۆتایش برگەی پێنجەمی تەوەرەکەیە کە بە ناوەندە ژمێرە (٢،٦٢) پێیان وایە کە هەندێکجار ماڵپەری پەرلەمانی کوردستان بووەتە تاکە سەرچاوەی ناساندنی یاسا و بڕیارەکان. بەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان وەك پێویت ڕۆڵی خۆی نەبینیوە لە ناساندنی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان.

تەوەری دووەم: توانا پیشەییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان

خشتەی(٣)

توانا پیشەییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان

| برگەکان | هەمیشە | | زۆرجار | | هەندێکجار | | کەمجار | | هەرگیز | | ناوەندە ژمێرە | ڕیزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | ٪ | چ | ٪ | چ | ٪ | چ | ٪ | چ | ٪ | | | |
| ١-توانا پیشەیی و تەکنیکیەکانی سوودی هەبووە لەبەدواداجوونە پەرلەمانییەکان | 3 | 3.1 | 13 | 13.3 | 25 | 25.5 | 44 | 44.9 | 13 | 13.9 | 2.48 | 3 | کەمجار |
| ٢-بێلایەن و هاوسەنگە بەرامبەر پەرلەمانتاران | 12 | 12.2 | 18 | 18.4 | 26 | 26.5 | 26 | 26.5 | 16 | 16.3 | 2.84 | 2 | هەندێکجار |
| ٣ - بە یەکسانی ڕوماڵی چالاکی لیژنەکان دەکات | 20 | 20.4 | 30 | 30.6 | 31 | 31.6 | 11 | 11.2 | 6 | 6.1 | 3.48 | 1 | زۆرجار |
| ٤ - توانا تەکنیکی و هونەریەکانی لە ئاست کاری پەرلەمانین | 4 | 4.1 | 13 | 13.3 | 31 | 31.6 | 26 | 26.5 | 24 | 24.5 | 2.46 | 4 | کەمجار |
| کۆ | | | | | | | | | | | 2.81 | هەندێکجار | |

ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٣)دا خراوەتە ڕوو پرسیارەکانی تەوەری دووەمە کە تایبەتە بە (توانا پیشەییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان)، بەشێوەیەکی گشتی بۆ وەڵامدانەوەی تەوەری (توانا پیشەییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان)

بەکـۆی گشـتی ناوەنـدە ژمێـرەی (٢،٨١) و بەپێـوەری لیـکار، پەرلەمانتـاران پێیـان وایـە هەندێکجـار لـە توانـا پیشـەییەکانی ڕاگەیاندنـی پەرلەمـان ڕازین.بـەڵام بـۆ وەڵامدانەوەیـان بـۆ برگەکانـی نـاو تەوەرەکـە دەردەکەوێـت کـە برگـەی سـێیەم بـە ناوەنـدە ژمێرەی (٣،٤٨) لـە ڕیزبەنـدی یەکەمدایـە کـە پێیـان وایـە زۆرجـار ڕاگەیاندنـی پەرلەمانـی کوردسـتان بـە یەکسـانی ڕوماڵـی چالاکـی لیژنەکانـی دەکات.

پاشـان برگـەی دووەم بـە ناوەنـدە ژمێـرە (٢،٨٤) لـە ڕیزبەنـدی دووەمدایـە کـە پێیـان وایـە هەندێکجـار ڕاگەیاندنـی پەرلەمـان بێلایـەن و هاوسـەنگە بەرامبـەر پەرلەمانتـاران.

دواتـر برگـەی یەکـەم بـە ڕیزبەنـدی سـێیەم و بەناوەنـدە ژمێـرەی (٢،٤٨) دێـت کـە پێیـان وایـە توانـا پیشـەیی و تەکنیکیەکانـی ڕاگەیاندنـی پەرلەمانـی کوردسـتان کەمجـار سـوودی هەبـووە بـۆ بەدواداچوونـە پەرلەمانیەکانیـان وە ڕیزبەنـدی چوارەمیـش برگـەی چوارەمـی تەوەرەکەیـە بـە ناوەنـدە ژمێـرەی (٢،٤٦) کـە پێیـان وایـە کەمجـار توانـا تەکنیکـی و هونەریەکانـی ڕاگەیاندنـی پەرلەمـان لەئاسـتی کاری پەرلەمانیـن. ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە بەشـێوەیەکی گشـتی و بەپێـی ئـەو ئەنجامانـەی پێـی گەیشـتوون توانـا پیشـەییەکانی ڕاگەیاندنـی پەرلەمانی کوردسـتان لـە ئاسـت پێویسـتدا نیـن بـۆ کاری پەرلەمانـی و پەرلەمانتـاران لـە ئـەدا و کاری ڕاگەیاندنـی پەرلەمـان ڕازی نیـن، وە پێیـان وایـە کـە بێلایـەن و هاوسـەنگ نیـن بەرامبـەر پەرلەمانتـاران.

تەوەری سێیەم: توانا پەیوەندیەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان

خشتەی (٤)

توانا پەیوەندییەکانی ڕاگەیاندنی پەرلەمان

| برگەکان | هەمیشە | | زۆرجار | | هەندێکجار | | کەمجار | | هەرگیز | | ناوەندە ژمێرە | ڕیزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | | | |
| ١ – توانای ڕوماڵی دانیشتنەکانی پەرلەمان و کۆبونەوەی لیژنەکان | ٢٤ | ٢٤،٥ | ٢٨ | ٢٨،٦ | ٣١ | ٣١،٦ | ٩ | ٩،٢ | ٦ | ٦،١ | ٣،٥٦ | ١ | زۆرجار |
| ٢ – بە شێوەی یەکسان مامەڵە دەکات لە هەماهەنگی لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان | ١٣ | ١٣،٣ | ٢١ | ٢١،٤ | ٢٢ | ٢٢،٤ | ٢٦ | ٢٦،٥ | ١٦ | ١٦،٣ | ٢،٨٩ | ٣ | هەندێکجار |
| ٣ – کار و چالاکیەکانی ناو هۆڵی پەرلەمان و کۆبونەوەی لیژنەکان تەنها وەک هەواڵێک،بلاو دەکاتەوە شیکاری و زانیاریەکان ناخاتە ڕوو | ١٢ | ١٢،٢ | ٢٦ | ٢٦،٥ | ٢٠ | ٢٠،٤ | ٢٢ | ٢٢،٤ | ١٨ | ١٨،٤ | ٢،٩٢ | ٢ | هەندێکجار |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ – وردەکاری کاری پەرلەمانی وکۆبونەوەی لیژنەکان لەسەر گفتوگۆ و دارشتنی یاسا و بریارەکان دەگوێژێتەوە بۆ هاولاتیان | ٥ | ٥,١ | ١٠ | ١٠,٢ | ٢٥ | ٢٥,٥ | ٢٨ | ٢٨,٦ | ٣٠ | ٣٠,٦ | ٢,٣١ | ٤ | کەمجار |
| ٥–توانیویەتی هەماهەنگی دروست بکات لەگەڵ کەناڵە تەلەفزیۆنیە عەرەبی بیانیەکان، بۆگواستنەوەی چالاکیەکانی پەرلەمان | ٢ | ٢,٠ | ١٣ | ١٣,٣ | ١١ | ١١,٢ | ٢٨ | ٢٨,٦ | ٤٤ | ٤٤,٩ | ١,٩٩ | ٥ | کەمجار |
| کۆ | | | | | | | | | | | ٢,٧٣ | هەندێکجار | |

ئـەوەی لـە خشـتەی ژمـارە (٤)دا خراوەتـەڕوو دەرخسـتنی ئاسـتی (توانـا پەیوەندیەکانـی ڕاگەیاندنـی پەرلەمانـی کوردسـتان)ە. بـە شـێوەیەکی گشـتی بـۆ وەڵامدانـەوەی تـەوەری (توانـا پەیوەندییەکانـی ڕاگەیاندنـی پەرلەمـان) بـە کـۆی گشـتی ناوەنـدە ژمێـرەی (٢,٧٣) و بـە پێـوەری ( لیـکارد)، دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی کـە ڕاگەیاندنـی پەرلەمانـی کوردسـتان هەندێکجـار توانیویەتـی پەیوەندیەکانـی لەگـەڵ کەناڵـە تەلەفزیـۆن و ڕاگەیاندنەکانـی تـر ڕێکبخـات و هەماهەنگـی لـە نێوانیـان دروسـت بـکات. بـەڵام بـۆ وەڵامدانەوەیـان بـۆ بڕگەکانـی نـاو تەوەرەکـە دەردەکەوێـت کـە بڕگـەی یەکـەم بـە ناوەنـدە ژمێـرەی (٣,٥٦) لـە ڕیزبەنـدی یەکەمدایـە کـە پێیـان وایـە زۆرجـار ڕاگەیاندنـی پەرلەمانـی کوردسـتان توانیویەتـی ڕوماڵـی دانیشـتنەکان و کۆبوونـەوەی لیژنـەکان بـکات.

پاشـان بڕگـەی سـێیەم بـە ناوەنـدە ژمێـرەی (٢,٩٢) لـە ڕیزبەنـدی دووەمدایـە کـە پێیـان وایـە هەندێکجـار، ڕاگەیاندنـی پەرلەمانــی کوردســتان کۆبوونــەوەی لیژنــەکان و کار و چالاکیەکانــی نــاو هۆڵــی پەرلەمــان تەنهــا وەك هەواڵێــك بڵاودەکاتـەوە و شـیکاری و زانیاریـەکان ناخاتـەڕوو بـۆ هاوڵاتیـان.

دواتـر بڕگـەی دووەم بـە ڕیزبەنـدی سـێیەم و بەناوەنـدە ژمێـرەی (٢,٨٩) دێـت کـە پێیـان وایـە ڕاگەیاندنـی پەرلەمانـی کوردسـتان هەندێکجـار بـە یەکسـانی هەماهەنگـی لەگـەڵ کەناڵـە تەلەفزیۆنیـەکان دەکات بـۆ گواسـتنەوەی کار و چالاکیەکانـی پەرلەمـان.

وە ڕیزبەنـدی چوارەمیـش بڕگـەی چوارەمـی تەوەرەکەیـە بـە ناوەنـدە ژمێـرەی (٢,٣١) کـە پێیـان وایـە ڕاگەیاندنـی پەرلەمـان کەمجـار وردەکاری کاری پەرلەمانـی و کۆبونـەوەی لیژنـەکان لەسـەر گفتوگـۆ و داڕشـتنی یاسـا و بڕیـارەکان دەگوێزێتـەوە بـۆ هاوڵاتیـان.

وە ڕیزبەنـدی کۆتاییـش بڕگـەی پێنجەمـی تەوەرەکەیـە کـە بەناوەنـدە ژمێـرەی (١,٩٩) پێیـان وایـە کەمجـار ڕاگەیاندنـی پەرلەمانـی کوردسـتان توانیویەتـی هەماهەنگـی دروسـت بـکات لەگـەڵ کەناڵـە تەلەفزیۆنیـە عەرەبـی و بیانیـەکان بـۆ گواسـتنەوەی چالاکیەکانـی پەرلەمـان.

ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کەبەشـێوەیەکی گشـتی و بەپێـی ئـەو ئەنجامانـەی پێـی گەیشـتوون پەیوەندیەکانـی

ڕاگەیاندنـی پەرلەمانـی کوردسـتان لـە ئاسـتی پێویسـتدانین و هەماهەنگیەکانیـان لەگـەڵ کەناڵـە تەلەفزیۆنییـە کوردییـەکان تاڕادەیـەك باشـە و هەماهەنگیەکانیشـی لـە گـەڵ کەناڵـە عەرەبـی و بیانیـەکان لـە ئاسـتێکی خراپدایـە، هەروەهـا زانیـاری پێویسـت لەسـەر گفتوگـۆ و دارشـتنی یاسـاکان بـۆ جەمـاوەر ناخاتـەڕوو نەشـی توانیـوە وەك پێویسـت سـوود لـە کەناڵـە تەلەفزیۆنیـەکان وەربگرێـت بـۆ ئـەم مەبەسـتە، ئـەوەی هەیـە ئەوەیـە ڕاگەیاندنـی پەرلەمـان ئەرکـی خـۆی تەنهـا لـە پەخشـکردنی دانیشـتنەکانی پەرلەمـان و ڕاگەیاندنـی کۆبوونـەوەی لیژنـەکان وەك هەواڵێـك چڕکردوەتـەوە.

تەوەری چوارەم : ڕۆڵی ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە بەخشینی زانیارییەکان بە پەرلەمانتاران

خشتە(٥)

ڕاگەیاندنی پەرلەمان لە بەخشینی زانیارییەکان بە پەرلەمانتاران

| برگەکان | هەمیشە | | زۆرجار | | هەندێکجار | | کەمجار | | هەرگیز | | ناوەندە ژمێرە | ڕیزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | | | |
| ١ - بوە سەرچاوەی زانیاری بۆ بەدواداچونە پەرلەمانیەکان | ٤ | ٤,١ | ٦ | ٦,١ | ١٨ | ١٨,٤ | ٣٤ | ٣٤,٧ | ٣٦ | ٣٦,٧ | ٢,٠٦ | ٢ | کەمجار |
| ٢ - هاوکارە لە بەخشینی داتا و زانیاری لەسەر پرۆژە و پێشنیازە یاساکان | ٧ | ٧,١ | ١٧ | ١٧,٣ | ٢٢ | ٢٢,٤ | ٣٢ | ٣٢,٧ | ٢٠ | ٢٠,٤ | ٢,٥٨ | ١ | کەمجار |
| ٣ - بوەتە پردێکی نێوان پەرلەمنتاران و کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بە ئامانجی قسەکردن لەسەر پرۆژە و پێشنیازە یاسان | ٤ | ٤,١ | ٩ | ٩,٢ | ١٣ | ١٣,٣ | ٢٥ | ٢٥,٥ | ٤٧ | ٤٨,٠ | ١,٩٦ | ٤ | کەمجار |
| ٤ - ئایا بەخشتنەڕووی داتا و زانیاریەکان توانیویەتی ڕایەکی گشتی ئەرێنی دروست بکات | ١ | ١,٩ | ١٠ | ١٠,٢ | ١٧ | ١٧,٣ | ٢٧ | ٢٧,٦ | ٤٣ | ٤٣,٩ | ١,٩٧ | ٣ | کەمجار |

| | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥ – توانیویەتی ببێتە هۆی گۆڕین یان دەستکاری کردنی ئەو برگە و مادانەی کە خەڵک رایان لەسەر نەبوە | ١ | ١,٠ | ٧ | ٧,١ | ١٣ | ١٣,٣ | ٢٦ | ٢٦,٥ | ٥١ | ٥٢,٠ | ١,٧٩ | ٥ | هەرگیز |
| کۆ | | | | | | | | | | | ٢,٠٧ | کەمجار | |

ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٥) دا روونکراوەتەوە برگەکانی تەوەری چوارەمە، کە (رۆڵی راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان لە بەخشینی داتا و زانیارییەکان بە پەرلەمانتاران) دەخاتەروو.

بە شێوەیەکی گشتی بۆ وەڵامدانەوەی تەوەری (رۆڵی راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان لە بەخشینی داتا و زانیارییەکان بە پەرلەمانتاران) بە کۆی گشتی ناوەندە ژمێرەی (٢,٠٧) و بە پێوەری (لیکارد)، راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان کەمجار رۆڵی هەبووە لە بەخشینی داتا و زانیاری بە پەرلەمانتاران.

بەڵام بۆ وەڵام دانەوەیان بۆ برگەکانی ناو تەوەرەکە دەردەکەوێت کە برگەی دووەم بە ناوەندە ژمێرەی (٢,٥٨) لە ریزبەندی یەکەمدایە کە پێیان وایە راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان کەمجار هاوکاربووە لە بەخشینی داتا و زانیاریەکان لەسەر پرۆژە و پێشنیازە یاساکان.

پاشان برگەی یەکەم بە ناوەندە ژمێرەی(٢,٠٦) لە ریزبەندی دوەمدایە کە پێیان وایە راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان کەمجار بووەتە سەرچاوەی زانیاری بۆ بەدواداچونەکانی پەرلەمانتاران، لە ریزبەندی سێیەم، برگەی چوارەمی تەوەرەکەیە بە ناوەندە ژمێرەی (١,٩٧) کە پێیان وایە راگەیاندنی پەرلەمان کەمجار توانیویەتی رایەکی گشتی ئەرێنی لە ناو خەڵك دروستبکات لەسەر پرۆژە و پێشنیازە یاساکان.

ریزبەندی چوارەم برگەی سێیەمی تەوەرەکەیە بە ناوەندە ژمێرەی (١,٩٦) کە پێیان وایە راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان کەمجار بووەتە پردێکی پەیوەندی لە نێوان کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و پەرلەمانتاران بە ئامانجی قسەکردن لە سەر پرۆژە و پێشنیازە یاساکان.

وە ریزبەندی کۆتاییش برگەی پێنجەمی تەوەرەکەیە کە بەناوەندە ژمێرەی (١,٧٩) پێیان وایە هەرگیز راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان نەیانتوانیوە کاریگەری خەڵك لەسەر دارشتنی پرۆژە و پێشنیازە یاساکان دروست بکەن و ببنە هۆی گۆڕین یان دەستکاری کردنی ئەو برگە و ماددانەی کە خەڵك رایان لەسەر نەبووە.

ئەمەش وەدەگەیەنێت کەبەشێوەیەکی گشتی و بە پێی ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتوون راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان لە ئاست پێویستدا نین لە بەخشینی داتا و زانیاری دروست بە پەرلەمانتاران و جەماوەر، وە نەبوونەتە سەرچاوەیەکی بەهێزی زانیاریەکان بۆ پەرلەمنتاران، نەبوونەتە پردێکی بەهێز لە نێوان پەرلەمنتاران و کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بە ئامانجی ناساندن و گەیاندنی یاسا و بریارەکان بە خەڵك، نەشی توانیوە رای گشتی ئەرێنی لەسەر یاساکان لە ناو خەڵك دروست بکات و تەنانەت نەبووەتە هۆکارێك بۆ گەیاندنی دەنگی خەڵك بە پەرلەمان لە گەیاندنی راکانیان لەسەر پرۆژە و پێشنیازە یاساکان.

## دەرئەنجام:

ڕاگەیاندنـی پەرلەمانـی كوردسـتان لـە ئاسـتی پێویسـتدا نیـە بـۆ ناسـاندنی یاسـا و بڕیارەكانـی پەرلەمـان وە كەمجـار هەوڵـی ناسـاندن و بەبازاڕكردنـی یاسـا و بڕیارەكانـی پەرلەمانـی داوە.

ڕاگەیاندنـی پەرلەمانـی كوردسـتان بـە پێـی پێویسـت سـودی لـە كەناڵـە تەلەفزیۆنیـەكان وەرنەگرتـوە و هەندێكجـار بەشـداری بەكەناڵـە تەلەفزیۆنیـەكان كـردوە بـۆ ناسـاندن و بەبازاڕكردنـی پـڕۆژەو پێشـنیازە یاسـاكانی یـان یاسـاكان.

ململانـێ سیاسـەكان ڕێگـری كـردوە لـە پەرلەمانتـاران بـۆ دەستخسـتنی زانیـاری لەسـەر پـڕۆژە و پێشـنیازە یاسـاكان هەروەهـا ڕێگریـش بـوە لـە گەیشـتن و ناسـینی یاسـاكان بـە خەڵـك.

توانـا پیشـەیەكانی ڕاگەیاندنـی پەرلەمـان لەئاسـت پێویسـتی كاری پەرلەمانـی نیـن و كەمجـار سـودی هەبـوە بـۆ بەدواداچونـی كاری پەرلەمانتـاران.

ڕاگەیاندنـی پەرلەمانـی كوردسـتان وەك پێویسـت نەیتوانیـوە بێلایـەن و هاوسـەنگەی خـۆی بپارێزێـت لەگـەڵ پەرلەمانتـاران و پەیامنێرانـی كەناڵـە تەلەفزیۆنیـەكان ، بەیەكسـانی مامەڵەیـان لەگەڵـدا نـاكات.

كار و چالاكیەكانـی ڕاگەیاندنـی پەرلەمـان خـۆی لـە پەخشـكردنی دانیشـتنەكانی پەرلەمـان چڕكردوەتـەوە ، زانیـاری پێویسـت و وردەكاری كاری لیژنـەكان و گفتوگـۆی پـڕۆژە و پێشـنیازە یاسـاكان بـۆ جەمـاوەر ناخاتـەڕوو .

هەماهەنگـی نێـوان ڕاگەیاندنـی پەرلەمـان لەگـەڵ كەناڵـە تەلەفزیۆنیـە كوردیـەكان تاڕادەیەك باشـە بـەڵام هەماهەنگی لەگـەڵ كەناڵـە عەرەبـی و بیانیـەكان لەئاسـتێكی خراپدایە.

## ڕاسپاردەكان:

گرنگـی زیاتـر بـدرێ بـە پەیوەندیەكانـی نێـوان ڕاگەیاندنـی پەرلەمانـی كوردسـتان و كەناڵـە تەلەفزیۆنیـە كـوردی و عەرەبـی و بیانیەكان.سـود لێوەرگرتنیـان بـۆ گواسـتنەوەی كار و چالاكیەكانـی پەرلەمـان.

هەوڵـدان بـۆ بەهێزكردنـی پەیوەنـدی و هەماهەنگـی زیاتـر لـە نێـوان ڕاگەیاندنـی پەرلەمانـی كوردسـتان و كەناڵـە تەلەفزیۆنیـەكان و پەرلەمانتـارن بـە ئامانجـی ناسـاندن و گەیشـتنی یاسـاكانی پەرلەمـان بـە خەڵـك.

گرنگـی دان بـە بەڕێوبەرایەتـی ڕاگەیاندنـی پەرلەمـان و بەرزكردنـەوەی ئاسـتی كارمەندانـی ئەوبەڕێوبەرایەتیـە بـە كردنـەوەی خـول و پەرەپێدانـی تواناكانیـان.

هەوڵـدان بـۆ ڕێگریكـردن لـە ململانێـی سیاسـی و دورخسـتنەوەی دەسـتی حزبـی لـە نـاو ڕاگەیاندنـی پەرلەمـان تـا بتوانێـت بـە بێلایەنـی و بەیەكسـانی كار لەگـەڵ سـەرجەم دەزگاكانـی ڕاگەیانـدن بـكات.

پێشنیارەكان:

هەوڵبدرێـت توێژینـەوەی هاوشـێوە ئەنجـام بدرێـت، بـۆ ئـەوەی پەیوەندیەكانـی نێـوان پەرلەمـان و میدیـا و جەمـاوەر بەهێزتـر بكـرێ بـە ئامانجـی ئاگاداربونـی جەمـاوەر لەسـەر ئەویاسـایانەی كـە لەپەرلەمانـەوە دەردەچـن.

هاندانـی توێـژەران بـۆ كردنـی توێژینـەوەی زیاتـر لەسـەر دامـەزراوەی پەرلەمـان چونكـە ئـەم دامەزراوەیـە پەیوەنـدی بەژیانـی هاوڵاتیانـەوە هەیـە،

پەرلەمانـی كوردسـتان سـود لـە دەرئەنجامەكانـی ئـەم توێژینەوەیـە وەربگـرێ باامانجـی چارەسـەركردنی كێشـەكانی بـە شـێوەری زانسـتی.

ئـەم توێژینەوەیـە وەك توێژینەوەیەكـی زانسـتی ببێتـە بنەمـای كاركـردن بـۆ بەشـی ڕاگەیاندنـی پەرلەمـان تـا بتوانێـت

پەیوەندیەکانی لەگەڵ پەرلەمانتاران و کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بەهێزتربکات

## الملخص:

ان هذا البحث المسمى(دور اعلام برلمان كوردستان في اشراك القنوات التلفزيونية للتعريف بالقوانين و القرارات) هو بحث وصفي مسحي للدورة الخريفية لبرلمان كوردستان لعام ٢٠١٨ حول برلماني و الدورة الخامسة لبرلمان كوردستان, و هي محاولة لمعرفة مستوى العلاقة و التنسيق بين اعلام برلمان كوردستان و القنوات التلفزيونية, بهدف السعي لمعرفة للتعريف بقوانين و قرارات البرلمان للجمهور, لان البرلمان يعتبر اكبر مؤسسة سياسية و قانونية لاي بلد, والمصدر الرئيسي لقوانين السلطتين التنفيذية و القضائية, و مما لاشك فيه ان جميع القوانين يتم اصدارها لمصلحة الشعب, لذا فمن الضروري ان يكون له الحق في معرفة القوانين التي يتم اصدارها حول حياته و معيشته, ومن واجب البرلمان التعريف بقوانينه للجماهير الشعب, سواء كان ذلك عن طريق امتلاك اعلام قوي خاص به او الاستفادة من وسائل الاعلام الاخرى, و الهدف من هذا البحث هو معرفة مستوى العلاقة بين برلمان كوردستان و القنوات التلفزيونية, و اظهار مستوى التنسيق بين مديرية اعلام برلمان كوردستان لتسويق و تعريف قوانين و قرارات البرلمان عن طريق القنوات التلفزيونية, و قد اعتمدت الباحثة في الجانب الميداني على اجراء مسح من خلال ممارسة وسيلة(استمارة الاستفتاء) و ان عينة بحثها تتكون من اعضاء برلمان كوردستان للدورة الخامسة, و توصلت الباحثة الى عدد من النتائج اهمها مايلي:

١-ان اعلام برلمان كوردستان ليست في المستوى المطلوب للتعريف بقوانين و قرارات البرلمان, و قلما حاولت تعريف و تسويق قوانين و قرارات البرلمان, و لم تستفد من القنوات التلفزيونية لهذا الغرض.

٢-ان الصراعات السياسية قد منعت البرلمانيين من الحصول على المعلومات بخصوص المشاريع و المقترحات القانونية و كانت مانعا ايضا لوصول و تعريف القوانين الى جماهير الشعب.

٣- ان اعلام برلمان كوردستان لم تستطح الحفاظ على حياديتها و و توازنها مع البرلمانيين بالشكل المطلوب.

## Abstract:

This research entitled (The Role of Kurdistan Parliament Media in Involving TV Channels to Definition of Laws and Decisions) is a descriptive survey research for the fall session of the Parliament of Kurdistan for the year ٢٠١٨ about the parliamentarians of the fifth session of the Parliament of Kurdistan, and it is an attempt to know the level of relationship and coordination between Kurdistan Parliament media and TV channels , with the aim of seeking to know the laws and decisions of Parliament to the public, because Parliament is the largest political and legal institution for any country, and the main source for the laws of the executive and judicial authorities, and there is no doubt that all laws are issued for the benefit of the people, so it is necessary to have the right to Knowing the laws that are issued about his life and livelihood, and it is the duty of Parliament to introduce its laws to the masses of the people, whether that is by owning a strong media of its own or making use of other media, and the aim of this research is to know the level of the relationship between Kurdistan Parliament and TV channels , and to show the level of coordination between the Kurdistan Parliament Information Directorate to market and define the laws and decisions of Parliament through television channels, and the researcher has adopted I am conducting a survey by practicing the method (referendum form), and the sample of her research consists of members of the Parliament of Kurdistan for the fifth session, and the researcher reached a number of results, the most important of which are the following:

-١ The media of Kurdistan Parliament is not at the level required to introduce the laws and decisions of Parliament, and they rarely tried to define and market the laws and decisions of Parliament, and did not benefit from TV channels for this purpose.

-٢ The political conflicts prevented parliamentarians from obtaining information regarding projects and legal proposals, and it was also an obstacle to the arrival and definition of laws to the masses of the people.

-٣ The Kurdistan Parliament media has not been able to maintain its neutrality and balance with parliamentarians in the required manner.

# لیستی سەرچاوەکان و پەراوێز:

## یەکەم : کتێبە کوردیەکان:

خامۆش عومەر عبدوڵڵا و دانا دارا حسێن، ڕێبەری پەرلەمانتار بۆ بەڕێوبردنی پرۆسەکانی یاسادانان و چاودێری، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان، ٢٠١٩، هەولێر.

دلاوەر عەبدولعەزیز عەلائەددین، دەوڵەتسازی، لەبڵاوکراوەکانی ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ توێژینەوە(میری)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ، ٢٠١٨، هەولێر .

سەردار عەزیز، پرسە پەرلەمانیەکان، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، چاپخانەی شەهاب، ٢٠٢٠، هەولێر.

عادل حەمە سالح، ئازادی ڕاگەیاندن لەیاسادا، ئازادی ڕۆژنامەوانی بە نمونە، چاپخانەی کتێبخانەی یادگار، ٢٠٢٠، سلێمانی .

فوئاد ئەحمەد سلێمان، مێژوی یاسادانان لەپەرلەمانی کوردستان، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، ٢٠١٩، هەولێر.

نەزاکەت حسین حەمە سەعید، بازارگەری و بازارگەری میدیا، چاپخانەی کاردۆ، ٢٠٢٠، سلێمانی .

هیوا حامد،ڕێکخستنی چوارچێوەی کاری پەرلەمانتار لەیاسا بەرکارەکان و پەیڕەوی ناوخۆدا، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، چاپخانەی شەهاب ،٢٠١٩، هەولێر.

هیوا حامد،ڕێکخستنی دەستپێشخەری یاسادانان لە هەرێمی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، چاپخانەی شەهاب ، ٢٠٢١، هەولێر.

دووەم: کتێبە عەرەبیەکان:

احمەد سعیفان، الانضمة السیاسیة والمبادی الدستوریة العام ، منشورات اللحلبیا لحقوقیة، بیروت ،٢٠٠٨.

ایلی خوری، العلاقة بین وسائل الاعلام والبرلمان، لوبنان ، ٢٠٠٥.

بسام عبدالرحمن المشاقبة، الإعلام البرلمانیی و السیاسی ، دار أسامة للنشر و التوزیع ، الاردن-عمان، مطبعة مزیدة و منقحة، ٢٠٠٥.

علی عبدالفتاح کنعان، الاعلام البرلمانی والسیاسی، المطبعة العربیة، الاردن، ٢٠١٤.

محمد سامر عاشور،مدخل الی علم القانون، من منشورات الجامعة الافتراضیة،السوریة،سوریا، ٢٠١٨

محمود بن عبدالعزیز البدر، الاعلام البرلمانی ،تجریة مجلس الشوری بالملکة العربیة السعودیة، مطبعة ریاض، السعودیة، ٢٠٠٦.

سێیەم: چاوپێکەوتن :

تارق جەوهەر، ڕاوێژکاری پەرلەمان و بەڕێوبەری پێشووی ڕاگەیاندنی پەرلەمان ، چاوپێکەوتنی مەیدانی ، لە ٢٠٢١/١٢/١٢ کاتژمێر ١٢ نیوەڕۆ لە تەلاری پەرلەمانی کوردستان ، هەولێر.

سامان ئەحمەد : بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان چاوپێکەوتنی مەیدانی لە - ٢٠٢١/٥/٣ ، کاتژمێر١٠لە بینای پەرلەمانی کوردستان ، هەولێر.

فوئاد ئەحمەد: ڕاوێژکاری پەرلەمان و بەرپرسی سەنتەری توێژینەوە ، چاوپێکەوتنی مەیدانی ٢٠٢١/٥/٣ کاتژمێر ١٢ی نیوەرۆ لە سەنتەری توێژینەوە لە بینای پەرلەمانی کوردستان ، هەولێر.